# کاتێک سەگێک سووڕی دەخوارد بە دەوری بیرێکدا خەریک تینوێتی بیکوژێت، زیناکەرێک لە زیناکەرەکانی بەنی ئیسرائیل (سەگەکەی) بینی؛ پێڵاوەکە داکەند وپڕی کرد لە ئاو ودای بە سەگەکە بۆئەوەی بیخواتەوە؛ بەهۆی ئەمەوە (خوای گەورە) لێی خۆش بوو

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «کاتێک پیاوێک لە ڕێگایەکدا دەڕۆیشت زۆر تینووی بوو، بیرێکی دۆزیەوە ودابەزیە نێوی وئاوی خواردەوە، پاشان دەرچوو، بینی سەگێک هەناسەبڕکێیەتی؛ قوڕی دەخوارد بەهۆی تینوێتیەوە، پیاوەکە ووتی: ئەم سەگە تووشی تینوێتیەک بووە وەکو ئەوەی تووشی من بوو، بۆیە (پیاوەکە) دابەزیە نێو بیرەکە، وخوفەکەی* پڕ کرد لە ئاو وبە دەمی هەڵیگرت هەتاوەکو بەرز بووەوە، وئاوی دا بە سەگەکە، خوای گەورە بەهۆی ئەم کردەوەیە سوپاسی کرد، ولێی خۆش بوو». ولە گێڕانەوەیەکدا: «خوای گەورە بەهۆی ئەم کردەوەیە سوپاسی کرد، ولێی خۆش بوو، وکردیە بەهەشتەوە». ولە گێڕانەوەیەکدا: «کاتێک سەگێک سووڕی دەخوارد بە دەوری بیرێکدا خەریک تینوێتی بیکوژێت، زیناکەرێک لە زیناکەرەکانی بەنی ئیسرائیل (سەگەکەی) بینی؛ پێڵاوەکە داکەند وپڕی کرد لە ئاو ودای بە سەگەکە بۆئەوەی بیخواتەوە؛ بەهۆی ئەمەوە (خوای گەورە) لێی خۆش بوو». *(خوف: وەکو گۆرەوی وایە لە پێست دروستدەکرێت)

[صەحیحە] [بوخاری گێڕاویەتیەوە - بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

کاتێک پیاوێک لە سەفەرێکدا بەسەر ڕێگایەکدا دەڕۆیشت، زۆر تینووی بوو، بیرێکی دۆزیەوە ودابەزیە نێوی وئاوی خواردەوە، وتینوێتی نەما، کاتێک دەرچوو بینی سەگێک خۆڵی تەڕ دەخوات بەهۆی زۆری تینوێتیەوە؛ ئەمیش بۆئەوەی تەڕیەکانی نێو قوڕەکە بخواتەوە، پیاوەکە ووتی: واللە ئەم سەگە تووشی تینوێتی بووە وەکو ئەوەی تووشی من بوو، پاشان پیاوەکە دابەزیە نێو بیرەکە، وخوفەکەی* پڕ کرد لە ئاو وبە دەمی هەڵیگرت هەتاوەکو بەرز بووەوە، وبە دەستەکانی دەهاتە سەرەوە، هەتاوەکو هاتە سەرەوەی بیرەکە، ئاوی دا بە سەگەکە، خوای گەورە بەهۆی ئەم کردەوەیە سوپاسی کرد، ولێی خۆش بوو وکردیە بەهەشتەوە. وکاتێک پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ئەم فەرمودەیەی باسکرد بۆ هاوەڵان، پرسیاریان لێی کرد، ووتیان: ئەی پێغەمبەری خودا، ئایا ئێمە پاداشتمان دەستدەکەوێت بەهۆی ئاودان بە ئاژەڵەکان؟ فەرمووی: (في كل كبدٍ رطبةٍ أجر) واتە: (لە -لابردنی تینوێتی- هەموو بوونەوەرێکی خاوەن جگەر پاداشت هەیە)، چونکە جگەری تەڕ ئەگەر ئاو نەبێت وشک دەبێتەوە وئاژەڵەکە دەمرێت. ولە گێڕانەوەیەکدا: ئافرەتێکی زیناکەر لە بەنی ئیسرائیل سەگێکی بینی، بە دەوری بیرێکدا سووڕی دەخواردەوە لە تینوێتیدا، بەڵام نەیدەیتوانی بگاتە ئاوەکە؛ بۆیە خوفەکەی داکەند وئاوی دا بە سەگەکە؛ بەهۆی ئەم کردەوەیە خوای گەورە لێی خۆش بوو. *(خوف: وەکو گۆرەوی وایە لە پێست دروستدەکرێت)